

# WATER FOR ROJAVA

## 2022 DELEGATION REPORT

Kurdish(Sorani) version

WATER FOR ROJAVA COMMITTEE





# ئاو بۆ ڕۆژئاوا

ڕاپۆرتی شاندی ۲۰۲۲

# پێرست

**ناساندن**

کۆمیتەی ئاو بۆ ڕۆژئاوا ............................................. 4

**حەفتەی یەکەم**

گەیشتن................................................................. ٥

**حەفتەی دووهەم**

تەعاونی ژنانی قامیشلۆ، دێریک و گرکێ لەگێ و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کەزیێن کەسک(Keziyên Kesk)، گروپێکی گەنجی ئیکۆلۆژی خۆجێی ................................................................ ٦

**حەفتەی سێهەم**

عامودێ و حەسەکە – بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و کۆبوونەوەکانی ئابووری ژنان؛ ئایینە دێمۆکراتییەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ پێکهاتە ئیکۆلۆژییە ناوخۆییەکان لە قامیشلۆ.......................................... ١٢

**حەفتەی چوارەم**

حەفتەی کۆتایی! – کۆبوونەوە لە قامیشلۆ لەگەڵ کەزیێن کەسک، نێکستێپ(Nextep)، ناوەندیی زانیاری ڕۆژئاوا(RIC)، زانکۆی ڕۆژئاوا و پێکهاتەکانی هەرەوەزیی زیاتر......................................... ٢٤



کۆمیتەی

# ئاو بۆ ڕۆژئاوا

ناساندن

کۆمیتەی ئاو بۆ ڕۆژئاوا لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2022 بە شاندێک چووەتە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (NES، ناسراو بە ڕۆژئاوا)، شاندەکە لە ئەندامانی سیمەنپو(Siemenpuu-فینلاند)، کۆمەڵەی پشتیوانیی ئابووری (Solidarity Economy Association-بەریتانیا)، ڕەگ و ڕیشە بۆ گۆڕان (Roots for Change-سویسرا)، و هاوڕێیەکی ناوخۆیی بۆ وەرگێڕان و پشتگیری لۆجستی پێکهاتبوون. ئامانجی سەرەکی شاندەکە پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ کەسایەتیی و پێکهاتە پەیوەندیدارەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بەتایبەتی پێکهاتە ئابوورییەکانی ژنان(Aboriya Jin) و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو(Desteya Avê)، هەروەها سەردانی ئەو پرۆژانە کە کەمپەینی ئاو بۆ ڕۆژئاوا پشتگیری دەکات؛ هەل و پۆتانسێل بۆ پرۆژەکانی داهاتوو کە ڕەنگە پشتگیریان بکەین، و پێکهاتەکانی تر کە ڕەنگە کاریان لەگەڵ بکەین. هەروەها ئامانجمان ئاسانکاری، یان تێگەیشتن لە پێویستی یان خواستی ڕاهێنان و پەروەردە لەسەر بابەتگەلی پەیوەندیدار بوو.

ئەم ڕاپۆرتە لە مانگی مای ساڵی ٢٠٢٣ لەلایەن کۆمیتەی ئاو بۆ ڕۆژئاوا بڵاوکراوەتەوە.

## حەفتەی یەکەم: گەیشتن

ڕۆژی 4ی ئۆکتۆبەری 2022، ڕۆژی گەیشتنمان بۆ باشووری کوردستان–هەرێمی کوردستان– ناگیهان ئاکارسێل ئەندامی ژنۆلۆژی، کە ماوەیەک بوو کاری بۆ دامەزراندنی ئەکادیمیای ژنۆلۆژی و کتێبخانەی ژنانی کوردستان دەکرد، لەکاتی ڕێگای خۆی بۆ کتێبخانە لە شاری سلێمانی، ٨٠ کیلۆمەتر دوورتر لە ئێمە، لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا ١١ فیشەکیی لێدەدرێت. ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەمە درێژەی ئەو شێوازەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە لە تیرۆری سیاسی بە ئامانج و بە تایبەتی کوشتنی ژنانی چالاکی کورد بەردەوامە. تەنها هەفتەیەک پێشتر و لە ٢٧ی سێپتامبەردا، لە ئەنجامی بۆردمانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا، زەینەب سارۆخان و ئیڵماز شەرۆ هاوسەرۆکانی مەکتەبی داد لە دەڤەری جزیر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کوژران. زەینەب سارۆخان ئەندامێکی چالاک و پابەندی بزووتنەوەی ژنانی کۆنگرا ستار(Kongra Star) بوو، کە یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە بڕیارە لە کاتی سەردانەکەماندا چاومان پێی بکەوێت. بەداخەوە ئەم جۆرە هێرشانە لەماوەی سەردانەکەی ئێمەدا لە کوردستان بەردەوامە.

پێویستە لە دهۆک چاوەڕێ بکەین چونکە مۆڵەتەکانمان بۆ چوونە ناو ڕۆژئاوا لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە نەگەیشتووە. ئێمە کاتەکەمان بە ئامادەکاری بۆ حەفتەکانی داهاتوو و بینینی هەندێک لە ناوچە ناوخۆییەکان بەسەر دەبەین.

لە دهۆک بەنداوێکی گەورە هەیە کە ئاڵایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان(KDP) بەسەریدا نەخشێندراوە، لە تەنیشتیدا هەندێک چێشتخانەی شێوازی هاوینەهەواری تەڵەی گەشتیاری دەبینین، لەنێویاندا یەکێکیان بە شێوازی 'کلتوری خۆماڵی'، کە تەنانەت دارەکانیشی لە پلاستیک درووستکراون، کە هەموویان لە تەنیشت پاشماوە کۆنەکانی پەرستگایەکی سەرەکی زەردەشتی پێش ئیسلامن، کە لە ڕاستیدا لە فۆلکلۆرە پلاستیکییەکەدا لە دۆڵی خوارەوە باسی نەکراوە. ئەمەش وەک وێناکردنی جیاوازییە زۆرەکانی نێوان پرۆژەی دەوڵەتگەرایانەی نەتەوەی سەرمایەداری کە لە باشوور (باشووری کوردستان / باکوری عێراق) دروست دەکرێت و پارادایمی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی پلۆرالیستی کە لە ڕۆژئاوا (باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا) کاردەکات.

دوای چەند کاتژمێرێک لە چاوەڕوانی لە بەشی هەرێمی کوردستانی عێراق(KRI)، ئێمە لە کۆتاییدا دەپەڕینەوە بۆ ڕۆژئاوا و ڕاستەوخۆ بەرەو قامیشلۆ دەڕۆین، ڕێک لە کاتێکدا کە وێبیناری "گفتوگۆ لەگەڵ گەیمچەنجەرەکان(Conversations with Gamechangers)" دەستی پێکردووە، دەگەینە ئۆفیسی کۆنگرا ستار. ئەم چالاکییە کە لەلایەن "کۆمەڵەی پشتیوانیی ئابووری" ڕێکخراوە، ئابۆریا ژن(Aboriya Jin)، پێکهاتەی ئابووری ژنانی کۆنگرا ستار کە دەزگای سەرەکی گەشەپێدانی هاوبەشی ژنانە لە ناوچەکەدا، بەشدارن. هەڤاڵ گوڵێ(Heval Gûlê) باس لە ڕۆڵ و کارەکانی ئابووریا ژن دەکات، خەبات و سەرکەوتنەکانیان لە بنیاتنانی ئابوورییەکی هاوبەش و کۆمەڵایەتی ژنان لە سەرانسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

ئێمە یەکەم ڕۆژمان لە ڕۆژئاوا بە تەواویی بەسەر دەبەین بۆ ناسینی ئەو خێزانەی کە میوانداریمان دەکەن و ئاڕاستەکردنی خۆمان لەو ناوچەیەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لێی دەمێنینەوە. هاوڕێکەمان کوڕێکی دەست و دڵبازە کە دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەی دوایین جار تەنها چەند مانگێک پێشتر سەردانی کردووە، قەتارەیەک لە خاڵۆ و مام و ئامۆزاکانی هەیە کە سەردانی ماڵەکە دەکەن. هەر جارێک دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەکە کۆمەڵێک پێڵاوی نوێ لە دەرەوەی دەرگای ژوورەوە دەبینین، کە هی کەسوکاری ئەوانەن هاتوون بۆ سەردان.



چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ گوڵێ، ئۆفیسی ئابووریا ژن لە قامیشلۆ

# حەفتەی دووهەم: تەعاونی ژنانی قامیشلۆ، دێریک و گرکێ لەگێ و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کەزیێن کەسک(Keziyên Kesk)، گروپێکی گەنجی ئیکۆلۆژی خۆجێیی.

ڕۆژی دووشەممە سەردانی بینای کۆنگرا ستار لە قامیشلۆ دەکەین بۆ گفتوگۆیەکی درێژتر لەگەڵ هەڤاڵ گوڵێ لە ئۆفیسی ئابووریا ژن. ئێستا گوڵێ پەیوەندی سەرەکی ئێمەیە لەگەڵ ئابووریا ژن، بەو پێیەی پەیوەندیی پێشوومان پێش گەیشتنی وەفدەکە، لەبەر هۆکاری شەخسی پاشەکشێی کرد. ئێمە گوێبیستی ئەوە دەبین کە کارەکان چۆن بەردەوام دەبێت و کات دیاری دەکەین بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لێژنەکانی ئابووریا ژن لە دێریک و حەسەکە لە ڕۆژانی داهاتوودا. هەروەها نامەیەکی گروپی کاری هاوبەشی نێودەوڵەتی (ICWG) لە بەریتانیا پێشکەش دەکەین و دەقی وەرگێڕدراو بە زمانی عەرەبی دەنێرین.
ڕۆژی دواتر، سێشەممە، لەگەڵ ئۆفیسی ئابووریا ژن لە دێریک کۆدەبینەوە، هەروەها شانسی بینینی هەندێک لە پرۆژە ناوخۆییەکانیانمان دەستدەکەوێت، لەوانەش سەردانی پرۆژەی کێڵگەی هاوبەشی ژیان(Jîyan)، کە لەلایەن ئاو بۆ ڕۆژئاواوە(Water for Rojava) پاڵپشتی دەکرێت.
شەش ژن لە ئۆفیسی ئابووریا ژن کاردەکەن، کە هەریەکەیان بەرپرسیارێتی پرۆژە و لایەنە جیاوازەکانی کارەکانیان لەئەستۆدایە. لە دێریک سێ تەعاونی کشتوکاڵییان هەیە؛ تەعاونییەکی شیرەمەنیی کە ٧-٨ ژن، شیر دەکرن و دواتر وەک پەنیر و ماست لە بازاڕدا دەیفرۆشن؛ 10 دوکانی فرۆشتنی خواردەمەنی لە 10 قوتابخانەدا، کە بەشێوەی تەعاونی بەڕێوەدەچێت و هەر دووکانێک لە لایەن ژنێکەوە بەڕیوەدەچێت؛ خواردنگەی سێماڵکا(Xwaringeh Semalka) چێشتخانەیەک لە دەروازەی سنووری لەگەڵ چوار ژنە کرێکاری گوندێکی نزیک کە خواردن بۆ کرێکارانی سەر سنوور دروست دەکەن، هەروەها دوکانێکی جلوبەرگ لە ناو بازاڕ لە کەمپی نەورۆز بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs).




با زەوی، ئاو و وزەی خۆمان هاوبەش بکەین



ژیان(Jîyan) پرۆژەی کشتووکاڵی ژنان لە شاری دێریک(Derik) بە پاڵپشتی کۆمیتەی ئاو بۆ ڕۆژئاوا(WATER FOR ROJAVA)

پرۆژەی ژیان ئێستا زۆر گەورەیە و گەشە دەکات. زەوی پرۆژەکە ٤٠٠ هێکتار دەگرێتەوە بەڵام بەهۆی کەمی توانایەوە ناتوانن هەمووی بەکاربهێنن. لە ئێستادا دوو بیر(چاڵاو) کاردەکەن، بەڵام ئێستا ١١ گوند پشتیان بەو زەوییە بەستووە و دەستڕاگەیشتن بە ئاوی زیاتر پێویستە. پلانێک هەیە بۆ وەگەڕخستنەوەی دوو بیری کوێرەوکراو بۆ خزمەتکردن بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان. خەڵکی ئەو ١١ گوندە دێن بۆ کڕینی بەرهەمەکانی پرۆژەی ژیان کە بە نرخێکی گونجاوترە، هەروەها دەتوانن پاش دروێنەکردن پاشماوەی گەنمەکە بۆ ئاژەڵەکانیان بەکاربهێنن، ئەمەش پارەیان بۆ پاشەکەوت دەکات. کێشەی دارایی هەیە بۆ دابینکردنی مۆلیدە(ژنێراتۆر)، تراکتۆر و بیر. باران ناباریێت. ئامانج بەردەوامبوونە لە گەشەکردن بۆ ئەوەی پرۆژەکە بتوانێت پشتگیری دوو یان سێ ئەوەندەی ژمارەی گوندەکان بکات. شەش خێزان لە گوندی خودی پرۆژەکە نیشتەجێن و هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونیان بەخۆڕایی هەیە. ئەمەش لە کاتی دروێنەکردندا بەرز دەبێتەوە بەو پێیەی هەندێک خێزانیش دێن بۆ ژیان و کارکردن لە گوندەکەدا و دواتر دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەی خۆیان.

بەداخەوە بازاڕی ژن (sûka jin) لە دێریک کە کۆمەڵەی پشتیوانیی ئابووری لە ساڵی ٢٠١٨ سەردانی کردبوو بەهۆی خراپی کارەکانی بیناسازی و دارمانی سەقفەکەیەوە ناچار بوو دابخرێت. دیارە بیناکە تەنها ساڵێکی خایاند! پلان هەیە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی لە سفرەوە، بەڵام بۆ ئەمەش پارەی پێویست دەبێت. لە تەنیشت بازاڕی ژن کە داخراوە، کارگەیەکی هاوبەشی جلوبەرگ دووری ژنان هەیە کە بە هەمان شێوە داخراوە، بیناکەی پێویستی بە نۆژەنکردنەوەی جددی هەیە. پلانەکە ئەوەیە نەک تەنها کارگەی جلوبەرگ دوورین نۆژەن بکرێتەوە، بەڵکو لە هەمان بینادا ئۆفیس و پرۆژەی باخچەی ساوایان دروست بکرێت. کاتێک ئەم پلانانە تەواو دەبن (پارەش پێویستە)، دوو ئۆفیسی ئابووری ژنان، بازاڕێکی ژنان، کارگەیەکی دوورین و باخچەیەکی ساوایان هەموویان لە یەک بینادا دەبن، کە بە دڵنیاییەوە بۆ ئابووری ژنان لە دێریک زۆر باش دەبێت.








بینای داخراویی بازاڕی ژنان لە شاری دێریک

ڕۆژی چوارشەممە هیچ چاوپێکەوتنێکی دیاریکراومان نییە، بۆیە بڕیارە شۆڕبینەوە بەرەو قامیشلۆ و بزانین دەتوانین لەگەڵ کێ کۆببینەوە. ئێمە توانیومانە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دیپلۆماسی مەدەنی ڕێکبخەین، کە پێکهاتەیەکی تارادەیەک نوێیە و ڕۆڵی یارمەتیدانی دروستکردنی پەیوەندی نێوان باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریایە لەگەڵ خەڵک و بزووتنەوەکان لە سەرانسەری جیهان. ئەوان دەتوانن کۆبوونەوە لەگەڵ ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەیی لە ڕۆژئاوا ڕێکبخەن، ئێمەش لیستێکی گەورە لە سەردان و کۆبوونەوە ئەگەرییەکان دروست دەکەین کە دەست دەکەن بە ڕێکخستنی بۆ ئێمە. بەداخەوە لە کۆتاییدا کاتمان نابێت بۆ ئەوەی هەموویان ببینین، بەڵام توانیومانە لەگەڵ کۆمەڵێک پێکهاتەی جیاوازدا کۆببینەوە کە لە بوارە جیاوازەکاندا کاردەکەن.

هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە شاری دێریک لەسەر ئەو ڕێگایەی کە ڕۆژی پێشوو پێدا تێپەڕین لەکاتی سەردانیکردنی پرۆژەی ژیاندا ڕوودەدات و ئەندامێکی هێزەکانی خۆپاراستنی سۆتۆرۆ کۆمەڵگەی کەمینەی مەسیحی سوریانی دەکوژێت. لە ئەنجامی ئەو هێرشە، بەهۆی نیگەرانییە ئەمنییەکان، بۆنەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی یادکردنەوە بۆ هەڤرین خەلەف هەڵدەوەشێتەوە. کوشتنی دڕندانەی ئەو ژنە چالاکوانە کوردە و ئەندامی پێشووی ئابووری ژنان لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ڕووداوێکی زۆر گرنگە، شایانی باسە کە تورکیا چەند جارێکە هێرش دەکاتە سەر ڕێکەوتە گرنگەکانی وەک ساڵڕۆژی وەبیرهێناوەنەوی هەڤرین خەلەف.

پێنجشەممە و هەینی هەردووکیان ڕۆژانی بێدەنگن بۆ ئێمە، بۆیە ئێمە چاشتێکی درێژی نایابمان هەیە (نانی بەیانی) و پێڕاگەیشتن بە نووسینی تێبینی و کۆبوونەوەکانی پلاندانان بۆ ڕۆژانی داهاتوو، کە کاتەکان بۆیان لە سەنتەری دیپلۆماسی مەدەنیەوە دەستنیشانکراوە. ئێمە گوێبیستی هێرشێکی دیکەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بووین لە باکووری شاری قامیشلۆ لە ڕۆژی پێنجشەممەدا.



دابینکردنی شوێنی هەڵگرتنی کەلووپەل لە پرۆژەی ئابووری ژنانی-ژیان لە دێریک بە پاڵپشتی کۆمیتەی ئاو بۆ ڕۆژئاوا

ڕۆژی شەممە بڕیار دەدەین بۆ سەردانێکی ڕانەگەیەندراو لە شارەوانی خۆجێیی (شارەداری) و هەروەها کۆمین (کۆمۆن) بچین. ئەمانە پێکهاتەی ناوخۆیین کە بنەمای سیستەمی دیمۆکراسی بێ دەوڵەت پێکدەهێنن، کە خەڵک پرسەکانیان دەهێنن و کێشەکان باس دەکەن و هەوڵدەدەن چارەسەری کێشەکان پێکەوە لە بەرزترین ئاستی ناوخۆییدا بدۆزنەوە. لە کاتێکدا ئەو کەسانەی لە ئۆفیسی کۆمۆنەکەدا کار دەکەن سەرقاڵی کۆبوونەوەیەکن و تەنیا دەتوانن سڵاومان لێ بکەن، شارەوانی کاتیان هەیە لەگەڵمان دابنیشن و کەمێک باسی کار، کێشە و پلانەکانیان بکەن.

هەروەها بە دەوری گرکێ لەگێ(Girkê Legê) و ڕمێلاندا(Rimelan) دەسوڕێینەوە. گرکێ لەگێ شارۆچکەیەکی کۆنە، بەڵام شاری ڕمێلان وەک دەروازەیەک وایە کە لە تەنیشت شارۆچکە کۆنەکەیە، کە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە بۆ کرێکارانی نەوت و خێزانەکانیان دروستکراوە. وادیارە کرێکاران لە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵ لە ژیانی کارکردنیاندا لەوێ دەژین و دەتوانن ئەوەندە پارە پاشەکەوت بکەن کە خانوویەک بۆ کاتی خانەنشینییان بکڕن. خەڵکی گرکێ لەگێ خۆی پێدەچێت نارەزاییان هەبێت لەوەی دانیشتوانی ڕمێلان حەوت ڕۆژی حەفتە و ٢٤ سەعاتە کارەبایان دەستدەکەوێت، لەکاتێکدا هی ئەوان لە هەر چوار کاتژمێرێکدا تەنها دوو کاتژمێرە.

هەروەها سەردانی دوکانێکی تەعاونی ژنانی کۆنگرا ستار دەکەین بە ناوی نوودەم(Nûdem)، و  هەندێک خواردن دەکڕین.

دواتر، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ سێ ئەندامی ڕێکخراوی ئیکۆلۆژیای بنەڕەتی ناوخۆیی کەزیێن کەسک( Keziyên Kesk)، هەیە. دوای ئەوەی شارەوانی شاری تەل کۆچەر(Tel Koçer) لە ساڵی ٢٠٢٠ هەندێک داری دەستکردی لە سیمان درووست کرد، ڕێکخراوەکە لە دوای چالاکییەکی نارەزایی و ڕەخنە گرتن لە ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا(AANES) بە بۆنەی ئەم کارەوە، هاتە دامەزراندن.



Water for Rojava 2022 Delegation Report October, 2022.

سێ هاوڕێ نامەیەکیی کراوەیان نووسی بۆ شارەوانی و ڕەخنەیان گرت و هەروەها هیوای ڕوانگەیەکی زیاتر ئێکۆلۆژیکیان خواست و دواتر لە سۆشیال میدیا دا بڵاویان کردەوە. ئیدارەی خۆسەری بە هاوکاری بەشی ئێکۆلۆژی ئیدارەکە گرووپێکی نارد بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم بابەتەو دارە سیمانییەکان لابران. لەم ئەزموونەوە فێربوون تەنیا ڕەخنە گرتن بەس نییە و کارەکە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆیە ڕیکخراوەی کەزیێن کەسک دامەزرا.

بڕیاریان دا نەمام بچێنن. بۆیان دەرکەوت لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا تەنها 1.5 % زەوی سەوزە، لەکاتێکدا تێکڕای جیهانی 10-18% یە. هەروەها بیریان لە بەرزبوونەوەی ئاستی شێرپەنجە لە ناوچەکە و پەیوەندی نێوان ئەم پرسانەدا کردەوە. ئەوان حیسابیان کردووە کە پێویستە ١٧ هێندەی ژمارەی ئەو دارانە بچێنن کە پێشتر لێرە چێندراون. ئێستا ئامانجیان چاندنی ٤ ملیۆن نەمامە. ئەوان بە هاوکاری زانکۆی ڕۆژئاوا یەکەم باخچەیان دامەزراند، و پرۆژەی ئێستایان بریتییە لە چاندنی ٢٠٠٠ نەمامی دار لە ٢٠٠٠ قوتابخانەدا،  هەم بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و لە هەمان کاتدا نۆژەنکردنەوەی دارستانەکانی ناوچەکە.

هەموو قوتابخانەکان دەسڕەسیان بە ئاو، بە تایبەت ئاوی خواردنەوەی باش نییە. بیرەکان یان وشک بوون یان خۆد شتێک شکاوە. ئەوان سکاڵایان لە دەستەی پەروەردە کرد، بەڵێنیان داوە لە سێ مانگدا ئەم پرسە چارەسەر بکەن. هەروەها تاقیگەیەکی ڕەوەکناسیی‌یان لە شاری ڕمێلان هەیە. لە کاتێکدا کە ئەوان پەروەردەو ڕاهێنانی ئێکۆلۆژی لە کۆمەڵگادا ڕێکدەخەن کە دەکەوێتە چوارچێوەی بوودجەی ئەم دواییە، ئێمە ٥٠٠ دۆلار دەدەین بە کەزیێن کەسک بۆ ڕێکخستنی پەروەردەی ئێکۆلۆژی لە مانگی دێسامبەردا.

کەزیێن کەسک دەیەوێت لەگەڵ هەر کەسێک کار بکات کە ئامادەیە بەشداری لە ئامانجەکەیاندا بکات، بۆیە ڕێبازێکی نا حیزبیی گرتووەتەبەر. ئەوان لە درگا دەدن و هەروەها هاوکاری ئیدارەی خۆسەری دەکەن، بە هۆی پێگەیان لە ناو کۆمەڵگادا دەستیان ڕادەگا بە ئەکتەرەکانی تریش وەکوو کۆمپانیا ناوخۆییەکان. ئەوان پێمان دەڵێن کە چۆن کۆمپانیاییەکی پلاستیکییان ڕازی کردوە کە بە خۆڕایی کیسەی پێویستیان بۆ چاندنی نەمام پێبدات، دەڵێن ئەوان ناوچەکە پیس دەکەن هەر بەو هۆیەوە بەرپرسیارێتیان لەسەرە.

پێمان دەڵێن بەهۆی کردەوەکانی تورکیا و گۆڕانی کەشوهەوا 108 ڕووبار و چەم لەناوچووە. ئاماژەی بەوە دەکەن، “جەنگی ئیکولۆژی لە دژی ئێمە هەیە. ئاوەکە دەبڕدرێت و بەبێ ئاو هیچ شتێک مومکین نییە”.

لە گوفتوگۆکەماندا لەگەڵ کەزیێن کەسک ئەوەندە قووڵبووینەتەوە کە خەریک بوو کۆبوونەوەیەکی ئۆنلاین کە لە لایەن لێژنەی فریاگوزاری بۆ ڕۆژئاوا(Emergency Committee for Rojava) ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی سەندیکاکانی ئامریکای باکوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، لە دەست بدەین. نوێنەری چەندین سەندیکای جیاواز لە شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە بەشداری تێدا دەکەن. بەڵام جێی سەرنجە کە تەنیا شاندەکەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا گرنگیان بە فرەڕەنگی نوێنەرەکانیان داوە، نوێنەری عەرەب، کورد و سوریانی کە لە هەمان کاتدا نیوەیان ژنن. لە کاتێکدا نوێنەرانی ئامریکای باکوور زیارتیان پیاوی سپی پێستن.

# حەفتەی سێهەم: عامودێ و حەسەکە – بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و کۆبوونەوەکانی ئابووری ژنان؛ ئایینە دیمۆکراتییەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ پێکهاتە ئیکۆلۆژییە ناوخۆییەکان لە قامیشلۆ.

یەکشەممە یەکەم ڕۆژمانە لەگەڵ ئۆتۆمبێل. ئێمە لە دوای گەیشتنمانەوە هەوڵمان داوە شۆفێرێک بدۆزینەوە و دواجار لە ڕێگەی پێشنیارێکەوە شۆفێرێکمان دەستکەوتووە. شۆفێرەکە زۆر باشە، هەموو ڕێگاکان دەزانێت و زۆر لەسەرەخۆیە.

بە ئۆتۆمبێل بەرەو عامودێ دەڕۆین بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ هاوسەرۆکەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئاوی عامودێ و کانتۆنی قامیشلۆ. عامودێ لە پێگەیەکی گرنگدایە، بەهۆی ئەوەی تەنها 90کم لە وێستگەی گرنگی ئاوی عەلوکەوە دوورە، کە ئاویی زۆربەی ناوچەکەی دابین دەکرد تا هێرشی کرایە سەر و دواتر بەهۆی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر سرێکانی (کە ناوە کوردییەکەی مانای شتێکی وەک 'سەری کانیاو') لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2019دا داگیرکرا. دۆخی ئاو لە عامودێ ئەوەندە خراپ نییە وەک لە حەسەکە کە کێشەیەکی زۆر جددییە، بەڵام لە کانتۆنی قامیشلۆش کێشەیەکی زۆر هەیە کە عامودێ لەوێ هەڵکەوتووە. پرسیار لەبارەی دابەزینی ئاستی ئاوەوە دەکەین. ئەوان ئاگادارمان دەکەنەوە کە پێشتر دەتوانرا ئاو لە ١٦٠ مەتر لە ژێر ڕووی زەویدا بدۆزرێتەوە، لەکاتێکدا ئێستا پێویستە ١٩٤ مەتر بچنە خوارەوە. چەندین پرۆژە هەن کە ئامادەن بۆ جێبەجێکردن بەڵام لەو شوێنانەی کە پارەی زیاتریان پێویستە، وەک یەکێک کە ئاو دەگەیەنێتە ٨٢ گوند بە بودجەیەکی ٧٠٠ هەزار دۆلار.



هاوسەرۆکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی حەسەکە.




"هەموو شتێک بۆ ئازادی"دەروازەی هاتنە ژوورەوەی شارۆچکەی تێربەسپی لە سەر ڕێگای قامیشلۆ


سەردانی ئەو کارانەی کە کۆمیتەی ئاو بۆ ڕۆژئاوا پاڵپشتیکردووە لە وێستگەی ئاوی عامووداێ

“تکایە دەنگی خۆتان بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دیکە و یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا. 12 ساڵ بەسەر دەستپێکی شۆڕشی ڕۆژئاوادا تێپەڕیوە و هەوڵی بنیاتنانی خۆمان دەدەین. ئێمە پێویستمان بە پشتیوانی هەیە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەتایبەتی و لەوانەش پێویستییەکانی ژێرخانی”.

سندوقی ئاو بۆ ڕۆژئاوا پشتگیری لە پرۆژەیەکیی ئاو لە عامودێ کردووە بە نزیکەی ١٣ هەزار پاوەند بۆ نۆژەنکردنەوەی چاڵاوێک. ئێمە ناتوانین سەردانی خودی چاڵەکە بکەین بەهۆی ئەوەی لە سنوورە نزیکەوە مەترسی تۆپبارانکردن یان تەقەکردن لەلایەن تورکیاوە هەیە، بەڵام دەتوانین سەردانی وێستگەی پەمپکردنی ئاوەکە بکەین و ببینین کە ئاو چۆن لەو چاڵەی کە سپۆنسەرمان کردووە بە بۆریی دەگوازرێتەوە. تا مانگی سێپتامبەر، چاڵەکە بە ڕێژەی ١٥ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا ئاو بۆ ٣٣ هەزار کەس لە شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری دابین دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پێش تەواوبوونی کارەکان تەنها ٢ کاتژمێر بوو لە ڕۆژێکدا.

هەروەها بۆ نموونە ئێمە دەچین بۆ بینینی چاڵێکی نوێی تر، هەروەها گوندێکی بچووک کە ئاوی نییە چونکە پشت بە تۆڕی کارەبا دەبەستێت کە تەنها بۆ ماوەی کاتژمێرێک یان زیاتر لە ڕۆژێکدا لە بەردەستدایە. بۆ دابینکردنی ئاوەکەیان پێویستیان بە کارەبا دەبێت بۆ پەمپکردن بۆ ماوەی ٣-٥ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، و بۆیە Water for Rojava سپۆنسەری مۆلیدەیەکی کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاوی دوو گوند.

ئێواران لە میوانخانەیەکی عامودێ دەمێنینەوە و شەوێک لە کولتورڤان، کە ناوەندێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆیە کە لەلایەن کەسێکیی ناوخۆییەوە دامەزراوە کە ساڵی ٢٠٢٠ لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە، شوێنەکە میوانداری کلاس و چالاکییەکانی مۆسیقا و ڕۆشنبیری دەکات، لەوانە... شانۆ و سینەما و کتێبخانەیەک، لەگەڵ وانەکانی مۆسیقا، و وانەکانی یۆگا بۆ منداڵان، هەروەها پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە.






گەردەلوولی خۆڵ! لە سەر ڕێگای حەسەکە

ڕۆژی دواتر، دووشەممە، بە ئۆتۆمبێل بەرەو حەسەکە دەڕۆین. ڕێگاکەمان بەهۆی گەردەلوولێکی گەورەی خۆڵەوە دەپچڕێت، وامان لێدەکات کاتژمێر ١٠ی بەیانی لە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ئاو لە حەسەکە دوابکەوین. ئاو بۆ ڕۆژئاوا(Water for Rojava) پاڵپشتی سێ پرۆژەی کردووە لە شاری حەسەکە، کە زۆرترین هەست بە قەیرانی ئاو دەکرێت، لەگەڵ چاڵ و نوێکردنەوەی سیستەم.

وەک هەموو کۆبوونەوەکانی تر سەرەتا بە ڕوونکردنەوەی کەمێک دەربارەی کەمپەینی ئاو بۆ ڕۆژئاوا(Water for Rojava) دەست پێدەکەین، و ئەوەی کە لیژنەکە لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی جیاوازەوە پێکهێنراوە، کە پارەکە بە پلەی یەکەم لە بنەڕەتەوە دێت، لە سەرانسەری دونیاوە لە لایەن خەڵک و هەندێک دامەزراوەوە کە بڕە پارەیەکی کەم و زۆریان بۆناردووین. ئەوان پێمان دەڵێن، "ئێمە پێمان وابوو پاڵپشتییەکە لە لایەن خێرخوازێکەوە دێت، بەڵام ئێستا ئێوە چیرۆکەکەتان ڕوونکردەوە و هەریەک لە ئێوە بەشێکن لە ڕێکخراوێکی جیاواز، ئێمە زۆر دڵخۆشین بۆ ئەمە و هەروەها بۆ ئەوەی کە دەنگی ڕۆژئاوا دەگاتە خەڵک”.

ئەوان پلانێکی گەورەمان پێدەڵێن بۆ گواستنەوەی ئاو لە عامودێوە تا دەگاتە حەسەکە، کە پارەی ئێجگار زۆری تێدەچێت، کە بودجەی نزیکەی ٤٠ ملیۆن دۆلارە. ئەمەش وا دەکات کە هەست بکەین ئەو ١٥٠ هەزار پاوەندەی تا ئێستا وەک بەشێک لە کەمپەینی ئاو بۆ ڕۆژئاوا(Water for Rojava) کۆمان کردۆتەوە بەڕاستی زۆر بچووک بنوێنێت!

هەروەها دیسانەوە پێویستی وێستگەی ئاوی عەلوک دەخەنە ڕوو کە لە ژێر کۆنترۆڵی تورکیا و ئەو میلیشیانەدایە کە تورکیا پشتگیریان دەکات. ئەوان دەیانەوێت وێستگەی ئاوی عەلوک بێ چەکدار بکەن و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی لایەنی سێیەمی بێلایەن. پێشنیاری ئەوان بۆ ئەمەش خاچی سووری نێودەوڵەتییە(IRC)، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە تەنها نموونەیەکە. ئێمە دەست دەکەین بە باسکردنی ئەگەری هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی لە دەوری ئەم داواکارییە.

هەروەها باس لە پەیوەندی نێوان ئاو و کارەبا لە ناوچەکەدا دەکەین، بەو پێیەی کارەبای زیاتر پێویستە بۆ پەمپکردنی ئاو لە ئاستێکی قووڵترەوەو هەروەها بۆ هەڵکەندنی قووڵتری چاڵاوەکان، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کارەبا بە پلەی یەکەم لە کارگەی کارەبای کارۆئاوی(بەرهەم هێنانی کارەبا لە وزەی ئاو) دێت. "ئەگەر ئاومان لە تورکیاوە نەبێت کارەبامان نییە. ئەگەر تورکیا ئاومان پێبدات، دەتوانین هاوکات ئاو و کارەبا بۆ خەڵک دابین بکەین".

جێگای ئاماژەیە کە هەندێک لەو ژنانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی حەسەکە کاردەکەن ئەزموونی دەیان ساڵەیان هەیە و پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سوریا هەمان کاریان دەکرد، بۆیە لەم بوارەدا هەڵگری شارەزاییەکی زۆر باشن. کۆبوونەوەیەکی بەسوود و بەرهەمدارە، بەڵام بەداخەوە بەهۆکاری ئەمنیەتیی و زریانی خۆڵەوە ناتوانین سەردانی هیچ کام لە سایتەکان بکەین. دەبێت لە ڕێگای سەردانکردنی شوێنی یەکەمدا لەسەر ڕێگای باشووری شارەکەوە بگەڕێینەوە – شۆفێرەکەمان ئاگادارمان دەکاتەوە کە شانە خەوتووەکانی داعش هێشتا لە ناوچەکەدا چالاکن، کە تاڕادەیەکی زۆر بیابانییە، و ناسراون بە گەشتکردن لەناو زریانی خۆڵدا بە تایبەتی وەک جۆرێک لە خۆشاردنەوە.

ڕۆژی دواتر، سێشەممە، بۆ کۆبوونەوەی لقی ناوخۆیی ئابووریا ژن دەگەڕێینەوە بۆ حەسەکە. نووسینگەکەیان بەرپرسیارە لە کاری ئابووری ژنان لە کانتۆنی حەسەکە کە شەدادی و تەل تەمر و دەربێسییە و خودی حەسەکە دەگرێتەوە.

ژنانی ناو ئۆفیسەکە پێمان دەڵێن کە چۆن پەروەردە لە دەوری چەمکی تەعاون، ڕاهێنان دەدەن سەبارەت بەو سیستەمە نوێیەی کە لە ڕۆژئاوا دروست دەکرێت، بە ئامانجی کۆکردنەوەی خەڵک بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی بەکۆمەڵ. ئەوان پشتگیری لە تەعاونییەکان دەکەن بە ئاردی کۆپینی و مازۆت (بەنزینێکی نەپاڵاوتە کە بۆ هەموو شتێک لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنرێت لە ئۆتۆمبێلەوە تا گەرمکردنەوە تا نانەواخانە)، هەروەها دوای دامەزراندن بەردەوامن لە پشتگیریکردنی تەعاونییەکان بەپێی کێشەکانیان بە هەر شتێک کە پێویست بێت. هەروەها پەروەردە لە بواری ئابووری، تەندروستی، پاککردنەوەدا دەدەن – 'هەر شتێک کە پێویست بێت بۆ ئەوەی ژنان ئازاد و تەندروست بن.' هەروەها پشتگیری لە چۆنیەتی پەرەپێدان و فراوانکردنی تەعاونییەکان دەکەن. لەگەڵ دەستپێکردنی دەرهێنانی پارە لە لایەن تەعاونییەکان، 15% لە قازانجەکە ئەگەر لە بەردەست و گونجاو بێت، بۆ گەڕاندنەوەی پشتگیری سەرەتاییەکان بەکاردەهێنرێت.

ئابووریا ژن، بەرپرسیارە لە ژمارەیەک تەعاونی کشتوکاڵی ژنان لە کانتۆنی حەسەکە کە بە گشتی ٢٢٠٠ هێکتار دەگرێتەوە، کە زۆربەیان لە زەوی کێڵگەکانی پێشووی دەوڵەت پێکهاتوون. نیوەی ئەم زەوییە دەکەوێتە ژێر 'هێڵی ٤'ی جوگرافی، کە بارانێکی زۆر کەمی لێ دەبارێت و خاکەکە زیاتر دەبێت بە جاڕەلم. پرۆژەکانی شەدادی کە لە باشوورترین بەشی ناوچەکە هەڵکەوتوە، بە تایبەتی کاریگەری وشکەساڵییان لەسەر بووە، چونکە نزیکەی سێ ساڵە باران نەباریووە. بیرێک هەبوو، بەڵام لە کاتی هێرشەکانی داعشدا وێران بوو. ئێستا بیر لە زەوییە دراوسێکان بەکرێ دەگرن بە ڕێژەیەکی سەدی داهاتی پرۆژەکە.

هەموو وەرزی دروێنەیەک پلانێک بۆ ساڵی داهاتوو دادەنێن. پێمان دەڵێن بۆچی گرنگە بەروبوومی جیاواز وەک ڕێبازێکی ئیکۆلۆژی بچێنرێت، بۆ ئەوەی بەپیتی زەویەکە ماندوو نەکرێت. هەروەها پلانیان هەیە لە داهاتوودا پەتاتە بچێنن، هەروەها گەنمەشامی بۆ ڕۆن. ئەمەش پلانی ستراتیژی دوو پرۆژەی کشتوکاڵی دەربێسییە.

ئەوان ئاودێری دڵۆپ دڵۆپ بەکاردەهێنن – کونە بچووکەکان لە بۆریەکاندا. ئەمە شێوازێکی باشترە لە ئاودێری بە لێشاوو ئاو پاشەکەوت دەکات و بۆ زەوی باشە. ئەوان مادەی کیمیایی بەکارناهێنن. پلانیان هەیە دەست بکەن بە بەکارهێنانی کۆمپۆست لە کارگەیەکی کۆمپۆست لە قامیشلۆ. کێشەی سەرەکی ئاوەکەیە. "بەبێ ئاو ناتوانین لە کشتوکاڵدا کار بکەین".







ئۆفیسی کۆنگرا ستار لە شاری حەسەکە

جگە لە پرۆژە کشتوکاڵییەکان، چەندین نانەواخانەی بچووکیش لە ناوچەکەدا هەن، لەوانە لەناو ژمارەیەک کەمپی ئاوارە ناوخۆییەکان کە لە دەستی داعش یان لەشکرکێشییەکانی دەوڵەتی تورکیا هەڵاتوون. لە حەسەکە تەعاونی دورینی هاوبەشی لاڤین هەیە، هەروەها دوکانەکانی لاڤین لە هەندێک لە شارەکاندا؛ شوێنێکی قوتوکردن(کنسروسازی)؛ تەعاونی نەجاڕی و دارتاشی؛ دوو دوکان لە کەمپەکانی حەسەکە، و یەکێک لە نەخۆشخانە.


تەعاونی دورینی هاوبەشی ژنانی لاڤین(Lavîn) لە شاری حەسەکە



پرۆژەی نوێی ئابووری ژنانی حەسەکە(Erd)-سازکردنی خانوویەک(ئێستا تەواو بووە!)

دوای ئەوەی باس لە پڕۆژەکان دەکەین و شیرینی و قاوە و چای زۆر دەخۆینەوە، ژنانی ئابووریا ژن دەمانبەن بۆ سەردانی هەندێک لە پڕۆژەکان. ئێمە شوێنی پڕۆژەیەکی نوێی تەعاونی کشتوکاڵی ژنان دەبینین (بەناوی "ئەرد-ERD")، هەروەها وۆرک شۆپێکی دروومانی تەعاونی لاڤین و شوێنی کارکردنی دەمساڵ-Demsal دەبینین، هەردوو تەعاونی ژنان کە لەلایەن کۆنگرا ستارەوە ڕێکخراون وهەرکامیان لە بەشێکی بینایەکی هاوبەشن لە حەسەکە.

کارگەی لاڤین ٤ دوکان لە گرکێ لەگێ، حەسەکە، دەربێسیە و قامیشلۆ دابین دەکات. 12 ژنە کرێکار و سێ دیزاینەر هەن کە دیزاینی جلوبەرگ بۆ وۆرک شۆپەکە دروست دەکەن. بەشێک لە کرێکاران مانگانە مووچەیان پێدەدرێت، هەندێکی تریش بەپێی جۆری کار و بارودۆخی کرێکارەکان بۆ هەر پارچەیەک پارە وەردەگرن. لیژنەکە هەفتانە کۆدەبێتەوە. ئەوان سفارش و داخوازی لە دامەزراوەکانی وەک نەخۆشخانە و ستافی پاککردنەوەی بیناکانی ئیدارەی خۆسەری وەردەگرن، هەروەها داواکاری تایبەت. ئامێرێکی توید و پشمی شکاویان هەیە کە دەیانەوێت چاکی بکەنەوە.

لە دەوری دیوەکەی تری بیناکە، ژنان لە دەرەوە کاردەکەن و بەرهەم لە سەوزە دروست دەکەن، وەکو هەویرەی بیبەر و سیر، مەکدۆس(خواردنێکی لوبنانی کە لە دۆڵمە دەچێت)، ترشک(ترشک یان کۆببە کە خواردنێکی کوردەوارییە) و مرەبا بۆ ئەوەی لە دوکانی تەعاونی هاوبەشی دەمساڵدا بیفرۆشن. هەروەها سەوزەی ووشککراوەی وەکو باینجانە ڕەشە، کەدوو، بامیە و هەندێک شت دەفرۆشن کە لە بسکیت دەچن کە دەبنە شۆرباو، کە پێمان دەوترێت تایبەتی شاری دەیرەزوورە.

لە کۆتاییدا، ئێمە دەبرێین بۆ بینینی پڕۆژەی کشتوکاڵی فۆرماتیڤ یان درێژخایەنی 'Erd'، کە بە مانای شتێکی وەک 'زەوی' یان 'زەوی کشتوکاڵی'ش دێت. لە ئێستادا لە بیابانێکی بەرفراوان دەچێت.







کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ئایینە دیموکراتییەکان

بەڵام پلانەکە بریتییە لە پێکهێنانی تەعاونییەکی کشتوکاڵی ژنان بۆ کارکردن لەسەر زەوییەکە، بە گرنگیدان بەو ژنانەی کە خەبات دەکەن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و دەرفەتێک بۆ ئەوەی بەکۆمەڵ کاربکەن. ئەگەر ئاو هەبێت دەتوانێت ببێتە بەشێک لە تەعاونی دەمساڵ و سەوزە دابین بکات بۆ ئەوەی بکرێتە بەرهەم لەو شوێنەی پێشتر سەردانیمان کرد، بۆ فرۆشتن لە دوکانەکاندا. ئاو بۆ ڕۆژئاوا بە یارمەتیی دامەزراوەیەک بە بڕی ٣٠ هەزار دۆلار پشتگیری ئەم پڕۆژەیە دەکات. عەرد ٣٦ هێکتار زەوی کشتوکاڵی پێشووی دەوڵەت لە دەرەوەی شارەکە دەگرێتەوە. ئابووریا ژن پێشتر بە پارەی قەرزکراو دەستیان بە کارەکە کردووە. ئەوان دوو بیریان لە چوار بیری پێویست هەڵکەندووە و پێشتر بەشێکی زۆری خانوویەکیان دروستکردووە کە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ یەک یان دوو خێزانی سەرپەرشتیار دابین دەکات.

ڕۆژی چوارشەممە لە قامیشلۆ کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی ئایینە دیموکراتییەکان کە بە شێوەیەکی باو بە ئۆل-OL ناودەبرێن – کە بە واتای 'ئاین' دێت، هەروەها لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی کۆنگرا ستار.

ئیمامێک و پیاوێکی دیکە کە ئەندامی کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتین (کە پێش ئۆل بوونی هەبووە و هەروەها پێدەچێت ئۆلی هێنابێتە ئاراوە)، لەگەڵ پیاوێکی ئێزدی، ژنێکی زەردەشتی، پیاوێکی مەسیحی سریانی پێشوازیمان لێدەکەن و ژنێکی مەسیحی ئەرمەنی، کە پێمان دەوترێت ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەکەیە. ئەندامانی لیژنەکە باسی ئەو کێشە و گرفتانەمان بۆ دەکەن کە هەر پێکهاتەیەک ڕووبەڕووی بووەتەوە و ئامانجیان بۆ زاڵبوون بەسەر ناخۆشیەکانی نێوان ئایینەکانی ناوچەکە و دروستکردنی نموونەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

"ئێمە وەک سریانی، ئێزدی، ئەرمەنی، موسڵمان، زەردەشتی پێکەوە کاردەکەین بۆ بنیاتنانی ژیانێکی دیمۆکراتیک. ئەمە نموونەیەکە بۆ کۆمەڵگای ڕۆژئاوا. ئێمە دەمانەوێت ڕووی ڕاستەقینەی ئایین لێرە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا نیشان بدەین – نەک وەک تیرۆریست یان شتێکی ناشارستانی وێنا بکرێت."

“کاتێک شۆڕش لە ڕۆژئاوا دەستییپێکرد، وەک دەزانین لە هەموو شوێنێک شەڕ هەبووە. شتێک کە تێبینیمان کرد ئەوە بوو کە هەموو گەلان و ئایینەکان بەشداریان لەم شۆڕشەدا کردووە، بەبێ جیابوونەوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، تێگەیشتین کە چۆن گروپە توندڕەوەکان ئەو ئایینەیان وەک چەک بەکاردەهێنن. خەڵکی لێرە ئاماژەیان بەوە کرد کە پێویستیان بەوەیە شتێک لە دژی ئەوە بنیات بنێن، بۆ ئەوەی خەڵک بەرەو خۆیان بهێنن و کۆمەڵەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئایدۆلۆژییە توندڕەوە دروست بکەن بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی ئایینەکان”.

“کێشەی سەرەکی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە یەکتر قبوڵ ناکەین؛ ئێمە ئینکاری یەکتر دەکەین. هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە دەمانەوێت لەم کێشەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕزگارمان بێت. ئەگەر خودا بە ڕەنگ و زمانی جیاواز بە شێوەیەکی جیاواز دروستی کردووین، ئەوا دەبێ تەنها پەیڕەوی ئایینەکانی خۆمانیش بین و بۆ ئەمە فەزای یەکتر بدەین و ئینکاری ئایین و ئەزموونی یەکتر نەکەین.”

ڕۆژی پێنجشەممە ڕۆژێکی تری کۆبوونەوەکانە لە قامیشلۆ. سەر لە بەیانی لەگەڵ سەنتەری فۆرات بۆ لێکۆڵینەوە(Furat Center for Studies) کۆدەبینەوە وەک بەشێک لە پرۆسەی بەدواداچوون بۆ کۆڕبەندی نێودەوڵەتی ئاو(International Water  Forum) لە ساڵی ٢٠٢١.

سەنتەری فورات ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە (زیاتر لە دامەزراوەیەکی بیردۆزیی ناوخۆیی دەچێت)، بەڵام ئەوان پشتگیری لە ئیدارەی خۆسەر دەکەن بە گرنگیدان بە پرۆژە ستراتیژییەکانیان و هەوڵدان بۆ پشتگیریکردنیان بە توێژینەوە. ئەوان سەرنجیان لەسەر پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەکەیە، بەتایبەتی لەسەر دۆخی ئاو لە دوای داگیرکردنی سەرێکانی لە ساڵی ٢٠١٩ لە لایەن تورکیاوە کە وێستگەی ئاوی عەلوکی لێیە.


سەنتەری فورات بۆ توێژینەوەی ستراتیژیک



Water for Rojava 2022 Delegation Report October, 2022.

“ئێمە پێمان خۆشە ئەوەی لە تواناماندایە بیکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەی کەم ئاوییە. پەیوەندی بە زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکانەوە هەیە. لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکمان هەبوو سەبارەت بە وێستگەی ئاوی عەلوک ، بەڵام ئەوان زۆر حەزیان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەبوو. ئاماژەیان بەوەشکرد، پرسێکی جیهانی قەیرانی ئاوە نەک کێشەیەکی ناوچەیی. ئەوان ئارەزووی کارکردنیان لەگەڵ باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا نییە، زیاتر لەگەڵ ‘ئۆپۆزیسیۆنی سوریا’ کاردەکەن”.

لە کاتی کۆبوونەوەکانماندا داوامان لێکردن وێستگەی عەلوک لە حاڵەتی سەربازی و نیزامی دەربێنن چونکە وێستگەی سەرەکی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری حەسەکەیە. ئێمە گوتمان دەتوانین لەگەڵ هاوپەیمانی کار بکەین. ڕووبەرێکی گەورە نییە تەنیا دەوروبەری ٥ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. پرسیاریان لە ئێمە کرد کە وردەکارییەکانی وێستگەی عەلوک و ئەوەی کە کێ کۆنترۆڵی دەکات بخەینە بەردەستیان. وردەکاری زیاترمان پێدان و ئەو گرووپانەی کە کۆنترۆڵی دەکەن. پێمان وتن سوپای تورکیا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. کێشەی سەرەکی ڕووباری فورات و بڕینی ئاوی ڕووبارەکەیە لە لایەن تورکیاوە. ئەگەر ئەو بڕە ئاوە ئاساییەمان دەست بکەوێت کە تورکیا دابینی دەکرد، ئەوا ئەمە کێشەکە چارەسەر دەکات.

تورکیا بەشێوەیەکی گشتی ئاوەکەی کۆنترۆڵ کردووە و تەواوی ناوچەی میزۆپۆتامیا تا دەگاتە بەسرە لە عێراق لە ژێر کاریگەری ئەم کارەدان. زۆر جۆری دار خەریکە لەناو دەچن. ئەمە پرسێکی ستراتیژی جیۆپۆلەتیکییە. پشکێکی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لە ئاوەکە بۆ سوریا و عێراق هەیە، بەڵام ئەمە ڕەچاو ناکرێت. هەر ئەمەش کێشەی سەرەکی بەردەم ناوچەکەیە. بۆ هەندێک ناوچە هەندێک بەدیلی بچووک هەیە، بەڵام کێشەکە گەورەتر و لەسەر ئاستی هەرێمییە. عەلوک لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکاندایە و تەنانەت ناتوانرێت بزانرێت کام گرووپ بەو پێیەی بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵام تورکیا کۆنترۆڵی ئەمەی بەدەستەوەیە. داواکاری ئێمە ئەوەیە دەنگی خۆمان بگەیەنینە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و فشاری سیاسی بخەینە سەر تورکیا. وەک سەنتەری فورات بۆ لێکۆڵینەوە دەتوانین هەندێک لێکۆڵینەوە بکەین بۆ پشتگیریکردنی ئەم کارە، بەڵام ئەوەی پێویستە فشارە لەسەر زلهێزە نێودەوڵەتییەکان”.

پاشنیوەڕۆ لەگەڵ لیژنەی ئیکۆلۆژیای کۆنگرا ستار(Kongra Star) و لەگەڵ بێریڤان عومەر کۆدەبینەوە. لیژنەی ئێکۆلۆژی پێکهاتەیەکی نوێیە لەناو بزووتنەوەی ژنانی کۆنگرا ستار کە لە مانگی مای ٢٠٢١ هاتوەتە ئاواکردن، پێشتر هیچ لیژنەیەکی دیاریکراوی ژنان نەبووە کە لەسەر بابەتی ئێکۆلۆژی کار بکات. گروپێکی بچووکی دیکەیان هەیە بە ناوی Bi Hev Re Karin (پێکەوە دەتوانین)، کە ئامانجیان ڕاگرتنی پاک و خاوێنی شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی لە سروشتدا کە خەڵک بۆ کات بەسەربردن دەچن. لیژنەکە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر دوو خاڵی سەرەکی:

- **بنیاتنانی کولتوور و شوناسێکی ئیکۆلۆژیک**
- **بنیاتنانی ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا**

“ئێمە هەوڵدەدەین تۆی ئەو هۆشیارییە بچێنین کە کێشە ئێکۆلۆژییەکان کێشەی هەمووانن و هەموومان ڕۆڵمان هەیە لەم کارەدا. ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو پێکهاتانە کاردەکەین کە لەگەڵ ئیدارە خۆسەری کاردەکەن و هەوڵدەدەین لە ڕێگەی ئەو پێکهاتانەوە بگەینە هەموو خەڵک.

لەبەرئەوەی کێشەکانی ڕۆژئاوا زۆر گەورەن، نەک تەنها ئێمە بەڵکوو هەموو لیژنەکان پێویستیان بەوەیە ئێکۆلۆژی بخەنە ناو کارەکانیانەوە. بەهۆی ئەمەوە ئێستا 10-13 لیژنەمان هەیە کە لە یەک لیژنەی ئێکۆلۆژیدا کۆدەبنەوە، لە پێکهاتەکانی وەک ئابووری، تەندروستی، دادپەروەری، پەروەردە، سەندیکاکان، گەنجان، ژنۆلۆژی و شارەوانییەکان”.

“ڕژێم هەمیشە زۆر خراپ مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکەدا دەکرد. لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئێمە بیابانبوونمان بینیوە. بەپێی زانیارییەکان ئێمە ئێستا لە بیابانێکدا دەژین. نەخۆشییەکی زۆر دەستی پێکردووە، وەک کۆرۆنا، تەنگەنەفەسی و ئێستا کۆلێرا(وبا) هەیە. هەموو ئەمانە بۆ ئێمە تازەن. سەرەڕای هەموو ئەم کێشانە، تورکیا کێشەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و سێ جینۆسایدی ئەنجامداوە: لە عەفرین، هەموو دارەکان دەبڕن؛ لە سەرێکانی ئاو دەبڕن؛ هەروەها لە هەردوو شاری عەفرین و سەرێکانی چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە”.

“ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگادا پێکەوە کاردەکەین نەک لە سەرووی ئەوانەوە. ئێمە ئیزعاجمان نییە لەگەڵ کەسانی دیکە لە دەرەوە کار بکەین، بەڵام کاری سەرەکیمان لە ناوەوەی هەرێمدایە لەگەڵ کۆمەڵگاکەمان. ئەمە لە پێشینەی کارەکانمانە. ڕۆژئاوا هەمووانی پاراست و باجێکی زۆری دا بەڵام لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەجێما و کەس هیچ ناکات. ئێمە بە تەنیا ماوینەتەوە”.

لیژنەکە پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ژنانە کە سەر بە کۆنگرا ستارە، بەڵام هاوکاری بەشی ئێکۆلۆژی ئیدارەی خۆسەری دەکەن (کە بێریڤان عومەر بەشێکە لێی) و بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ کۆمۆنەکان و گوندەکان کاردەکەن، وۆرک شۆپ و سیمینار پێشکەش دەکەن. هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ کەزیێن کەسک هەیە. تەنها لە یەک سیمیناردا زیاتر لە دوو هەزار ژن بەشداریان کرد و زیاتر لە دوو هەزار نەمام چێندرا.

دواتر لەگەڵ بێریڤان عومەر جێگری هاوسەرۆکی بەشی کارگێڕی ناوخۆیی و ئێکۆلۆژی لە هەرێمی جزیرە کۆدەبینەوە. بەشی ئاو و شارەوانی و پێکهاتەکانی ئێکۆلۆژی هەموویان پێکەوە لەم پێکهاتەیەدا کاردەکەن. بێریڤان پسپۆڕە لە ئێکۆلۆژیا.

ئێمە دەپرسین ئایا باسێک هەیە سەبارەت بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی؟ بۆ نموونە سنووردارکردنی ئەو چاڵە نوێیانەی کە هەڵدەکەندرێن؟ لە وەڵامدا دەڵێت ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بە تایبەت لە حەسەکە.

بێریڤان: “باسی لەسەر دەکرێت. بەشێکی زۆر لە ئاوەکە یان سوێرە یان ناخورێتەوە... ئێمە هەمیشە بەدوای بەدیلدا دەگەڕێین، ئێمە تەنها بیر هەڵناکەنین، بەڵام بژاردەکانمان زۆر سنووردارە. کاتێک باران دەبارێت هەوڵدەدەین ئاو کۆبکەینەوە و چارەسەری بکەین، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ەوە باران نەباریوە. لە شوێنەکانی تریش وەک قامیشلۆ دۆخەکە باشترە. ئاوی هەڵگرتن هەیە و دەتوانرێت بخورێتەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین هەندێک پێکهاتە دروست بکەین، نەهێڵین هەموو خێزانێک بیری خۆی هەڵکەنێت، بۆ ئەوەی دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. جگە لە مەترسی نەمانی ئاوی ژێر زەوی ئەوە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە کە بەدیل بدۆزینەوە.”

چەند ڕۆژێک دوای ئەم کۆبوونەوەیە دەزگای ئیدارەی خۆسەری بەرپرس لە کشتوکاڵ و ئاودێری قەدەغەکردنی هەڵکەندنی بیری نوێ بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی لە کەمبوونەوە، دەردەکات.



Water for Rojava 2022 Delegation Report October, 2022.




هونەرمەندی کورد حاجی موسا لە ناوەندی ڕۆشنبیری شاری دێریک، کە بەشێکە لە TEV-ÇAND

ئەمڕۆ پێنجەمین ساڵوەگەڕی ڕزگارکردنی شاری ڕەقە بوو لە دەستی داعش. ڕەقە لە دەرەوەی ناوچەی سەردانەکەمانە، بەڵام ئاگاداربووین کە بۆنەیەکی گەورەی یادکردنەوە لە شارەکەدا بەڕێوەدەچێت.

هەواڵێکی گەورەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە هێزەکانی سەر بە تورکیا کە وێستگەی ئاوی عەلوک-یان داگیر کردووە، دواجار دوای ٨٨ ڕۆژ بڕینی ئاو، دەست دەکەنەوە بە پەمپکردنی ئاو بەرەو حەسەکە – هەرچەندە هێشتا نەگەیشتووەتە خودی حەسەکە.

ڕۆژی دواتر ڕۆژی هەینییە، واتە ڕۆژێکی تری پشوو، بەو پێیەی زۆربەی شوێنەکان داخراون. هەینی لە سوریا وەک یەکشەممە وایە لە ئەوروپا و خەڵک بە شێوەیەکی سەرەکی لە ماڵەوە دەمێننەوە. لە کاتێکدا شەممە وەک شەممە وایە، زیاتر ڕۆژێکی بازاڕکردنە. ئێمە کۆبوونەوەی نوێکردنەوەی زانیارییەکانمان هەیە بە شێوەی ئۆنلاین لەگەڵ ئەندامانی غیابی لیژنەکە و تێبینیەکانمان ڕێکدەخەین.

ڕۆژی شەممە بڕیار دەدەین بچینە سەردانێک بۆ دێریک. ئێمە دەچینە ژوورەوە بۆ سەردانی ناوەندێکی ڕۆشنبیری و بەڕێکەوت حاجی مووسا، گۆرانیبێژی شەڤانۆ و لانیکەم یەک یان دوو گۆرانی دیکەی هونەرگەها ولات دەناسینەوە. هەمووومان کەمێک دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو ئەستێرە و وێنەی زۆری لەگەڵ دەگرین، هەروەها هەندێک ڤیدیۆی گۆرانی وتنەکەی، لەگەڵ هەندێک هاوبەشکردنی مۆسیقا لەلایەن ئێمەوە.

هەروەها نمایشێکی خۆڕسک لەلایەن کۆڕێکی منداڵانی کوردەوە دەبینین! سەنتەرەکە لە چوارچێوەی TEV-ÇAND کە کۆنفیدراسیۆنی دیمۆکراتیکی بەرهەم و ڕێکخراوە کولتوورییەکانە، ڕێکخراوە.

دوای دوو ڕۆژ لە بەردانەوەی بۆ ناو بۆرییەکان، گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئاوی وێستگەی عەلوک دواجار گەیشتە حەسەکە.



Kêzîyên Kesk سەنتەری فورات بۆ توێژینەوەی ستراتیژیکنەمامگەی نەمامی کەزیێن کەسک لە شاری قامیشلۆ



## حەفتەی چوارەم
## حەفتەی کۆتایی! - کۆبوونەوە لە قامیشلۆ لەگەڵ کەزیێن کەسک، نێکستێپ(Nextep)، ناوەندیی زانیاری ڕۆژئاوا(RIC)، زانکۆی ڕۆژئاوا و پێکهاتەکانی هەرەوەزیی زیاتر.

ڕۆژی یەکشەممە (کە لێرە وەک دووشەممە وایە)، زۆربەی شاندەکەمان دەچنە ناو قامیشلۆ بۆ دیداری دووەم لەگەڵ کەزیێن کەسک و بۆ بینینی یەکێک لە نەمامگەی نەمامەکانیان لەسەر پارچە زەوییەکی گەورە کە پێشتر شوێنی زبڵدان بووە. ئێستا 4000 نەمامیان هەیە کە لەوێ گەشە دەکەن، بیرێکی ئاوی جیاوازیان هەیە بۆ ئاوەدێری ناوچەکە. نازانن دەتوانن لەسەر زەوییەکە بمێننەوە یان نا، کە لە ئێستادا بۆ ٤ ساڵ بەکرێیان گرتووە، بەڵام هیوادارن دوای ڕۆشتنیان بیکەن بە باخچە. ئەوان ئامێرێکی زۆریان بە خۆڕایی بەدەستهێنا لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ پێکهاتە و ڕێکخراوە جیاوازەکان -خاکی کوالیتی باشتر، کۆمپۆست، دانەوێڵە، تانکی ئاو - هەروەها ئامێرێکی کۆنیان گونجاند بۆ بەستەکردنی گەنم/نیسک بۆ ئەوەی خۆڵ بخەنە ناو پاکەتەکانەوە بۆ نەمامەکان (10,000 بەستە لە ماوەی ١٠ کاتژمێردا!). هەندێک لە دارەکان لە ئێستاوە گەشە دەکەن – گەورەترینیان بریتین لە قۆخ، سنەوبەر و دار کاج. ئەوان تۆنێک ڕیشەی داری خورمایان دەستکەوت کە ئێستا دەیچێنن، لەگەڵ جۆرێکی خورما کە بەرگری لە وشکەساڵی دەکات کە دەتوانرێت لە باشووری حەسەکە بچێنرێت. کێڵگەکانی تر تایبەتن بە لۆرێنس، کاکائو، لیمۆ، مانگۆ، یان کاکی. هەشت سایتی دیکەی وەک ئەمە هەیە، و سایتی دیکەش لە پەرەپێداندایە. لەبەر ئەوەی تەقریبەن هەموو کارەکان لەلایەن خۆبەخشەکانەوە ئەنجامدراون، ئەوان دەیانەوێت نەمامەکان بە خۆڕایی بدەن، نایانەوێت هیچ بفرۆشن. ئێستا سێ کرێکاری کشتوکاڵی پسپۆڕی مووچەخۆریان لە شوێنی کارەکەدا هەیە، و بە هیوای پشتیوانی ئیدارەی خۆسەریین بۆ ئەوەی بتوانن ئەمانە بهێڵنەوە.

ئێمە شانسی ئەوەمان هەیە کە بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ پەروەردەکارێکی ئێکۆلۆژی بە ناوی محەمەد کۆببینەوە پێش ئەوەی کاتی کۆبوونەوەکەمان بێت لەگەڵ نێکستێپ، ڕێکخراوێکی ناوخۆیی کە ڕۆڵی لە کۆڕبەندی ئاوی ٢٠٢١دا هەبووە. کۆمپانیای Nextep لە ساڵی ٢٠٢١ دامەزراوە، ئەوان ڕاپرسییەکیان پێشکەش کرد سەبارەت بە کێشەکانی پەیوەست بە کەمی ئاو لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوەکە هۆزان، پێمان دەڵێت کارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن خۆبەخشەکانەوە ئەنجام دەدرێن، هەرچەندە هەندێک پارە لە ماڵە میدیاییەکانەوە هاتووە کە حەز دەکەن ڕووماڵی زەمینی بکەن. ئەوان حەز دەکەن گفتوگۆ وەک شێوازێک بەکاربهێنن، و ئارەزووی بەشداریکردنیان لەگەڵ پرۆژەکانی ئاو و بابەتەکانی تردا هەیە. دوای کۆبوونەوەکە، ئاو بۆ ڕۆژئاوا یارمەتییەکی بچووکی ٥٠٠ یۆرۆیی دەدات بە کۆمپانیای نێکستێپ بۆ ڕێکخستنی دوو گفتوگۆ لەسەر کۆکردنەوەی ئاو، کە بڕیارە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجام بدرێت.

ڕۆژی دووشەممە بەشێک لە شاندەکە لەگەڵ ناوەندی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا لە قامیشلۆ کۆدەبنەوە و تاوتوێی کاری ڕاگەیاندن دەکەن. ئێمە سەرسامین بە بەدەستهێنانی ئەو هەمووە زانیارییە هەنووکەییانە لە ڕێگا و سەرچاوەگەلی جیاواز، و ئەو گرنگییەی کە بە پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان دەدەن. ئێستا RIC ئۆفیسێکی عەرەبییان هەیە، هەروەها ئۆفیسێکی زمانی ئینگلیزی، هەرچەندە بە چەند زمانێک کاردەکەن.




زانکۆی ڕۆژئاوا



کتێبمان بە دیاری دا بە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی ڕۆژئاوا



WATER FOR ROJAVA
Water for Rojava 2022 Delegation Report October, 2022.




ئەو هۆڵەی لە زانکۆی ڕۆژئاوا لە قامیشلۆ بۆ ڕێزلێنان لە دەیڤید گرایبەر ناوی ئەوی لەسەر داندراوە.

ئەم ئێوارەیە کۆبوونەوەیەکی ئۆنلاین لەسەر کۆکردنەوەی ئاو لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ئەنجام دەدەین بۆ بەدواداچوون بۆ یەکەم کۆبوونەوەی مانگی ئاپڕیلی ٢٠٢٢، لەگەڵ بەشداربووانی ئەوروپا و باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ، بە ئاسانکاری لەلایەن Save the Tigris.

هەروەها ئەو ئێوارەیە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە قامیشلۆ هەیە. بەپێی ئامارەکانی RIC، ئەمە ٨٦ەمین هێرشی تورکیایە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا لە ساڵی ٢٠٢٢دا. هەروەها هەواڵی دوو لەو ژنانەی ئەندامی ئابووریا ژنمان زانیوە کە Solidarity Economy Association لە یەکەم سەردانی شاندەکەیان لە ساڵی ٢٠١٨ لەگەڵیان کۆببوونەوە. یەکێکییان لە شەڕدا گیانی لە دەستداوە، لە کاتێکدا ئەوی دیکەیان ئەوەندەی ئێمە دەزانین بەبێ دادگاییکردن وەک زیندانی سیاسی، زیاتر لە ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان-KRI دەستبەسەرە.

سێشەممە کۆتا ڕۆژی ئێمە هەمووەمانە پێکەوە. ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی زانکۆی ڕۆژئاوا هەیە لە کامپۆسە زۆر سەرنجڕاکێشەکەیان لە لای باکووری قامیشلۆ، بە پشتیوانی هاوڕێیەک لە ئۆفیسی عەرەبی RIC کە خوێندکارە. ئێمە دەزانین کە بەشی ئاودێری لە بەشی کشتوکاڵی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا لە ناوچەی هیمۆ لە قامیشلۆ هەیە و ئەمساڵ پلانی ٩ پرۆژەیان لەگەڵ خوێندکاران لە هیمۆ داڕشتووە کە گەنم، نیسک، جۆ، گوڵخانە و سەوزی لەخۆ دەگرێت. پرۆفیسۆرێک لە تورکیاوە جۆرە جیاوازەکانی گەنم و لۆکەی هێنا بۆ ئەوەی بزانێت ئایا دەتوانرێت لێرە بچێنرێت و وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ ئەم ژینگەیە باشن. هەروەها پرۆژەیەکی کرمسازی هەیە بۆ دروستکردنی کۆمپۆست.

لە دوا کۆبوونەوەمان هەمووەمان پێکەوە گەشتێکی بچووک بەناو کامپۆسەکەدا دەکەین کە دەتوانین نەمامگەی نەمام لەوێ ببینین، کە هەروەها پەیوەستە بە کارەکانی کەزیێن کەسکەوە.




لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەچینە ناو دوکانی هاوبەشی ژنانی لاڤین لە قامیشلۆ، کە پڕە لە جل و بەرگی دروستکراو لەو وۆرک شۆپەی کە سەردانیمان کرد لە حەسەکە، هەروەها لەچک و ملوانکە و کەلوپەلی جوان. ئێمە دیاری بۆ هاوڕێیان و هەروەها بۆ یارمەتیدانی هەوڵەکانی سەرمایەگوزاری بە کۆمەڵی SEA کۆدەکەینەوە.

ڕۆژی چوارشەممە بە فەرمی ڕۆژیی کۆتایی سەردانی شاندەکەمانە. هەروەها ئەمە دوا ڕۆژی ئێمەیە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە، بۆیە لە یەک کۆبوونەوەی کۆتاییدا لەگەڵ پێکهاتەیەکی ئابووری گشتی (نەک تەنها ژنان) لە قامیشلۆدا بە چڕی کۆدەبینەوە. پێدەچێت لە دوایین سەردانەکەمانەوە گەشەسەندنێکی گەورە لە شێوازی ڕێکخستنی پێکهاتەکانی ئابووریدا هەبووبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە داوای چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ ئابووری گشتی و دەرکەوت کۆبوونەوەکە لە ئۆفیسی تەعاونی کانتۆنی قامیشلۆ بەڕێوەچووە کە ئێمە لە هەبوونی ئاگادار نەبووین. ڕۆڵی ئەوان پشتگیریکردنە لە پەرەپێدانی تەعاونییەکان لە کانتۆنی قامیشلۆ کە لە ژێر دەسەڵاتی ئابوریا ژن-دا نییە. هەروەها بەرپرسیارن لە چارەسەرکردنی کێشەکان و پشتیوانی دارایی ئەم تەعاونییانە لەکاتی گونجاودا.  هەروەها دەتوانن ڕاوێژکاری پێشکەش بکەن. چوار ئەندامی تەعاونییەکە لە ئۆفیسەکەیان پێشوازییمان لێدەکەن، لە ناویاندا دوو ژن کە ڕێکخەری لێژنەی ئابووری تەعاونییەکەن. دیسانەوە نامەکەی ICWG دەخوێنینەوە کە لەلایەن ڕێکخەرانی ئەم تەعاونییەی کە ئامادەن، زۆر پێشوازی لێکرا، هەروەها وەرگێرانی عەرەبی نامەکە لە واتساپ دەنێرین بۆیان.

ئاماژە دەکەن کە: "دەزگا و ئۆرگانەکانی هاوکاری لە ڕۆژئاوا پێویستە ئامانجیان بنیاتنانی تەعاونی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان بێت. ئامانجیش پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیای گەلە. بەڕاستی گەلەکەمان لە دۆخێکی خراپدایە و ئامانجمان چاککردنی ئابووری هەرێمەکەیە. قەیرانی ناو سیستەمی جیهانی پێویستە بە تەعاون چارەسەر بکرێت. ئەرکی ئێمە ڕزگاربوونە لە سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگا بۆ لابردنی تاکگەرایی و پێکەوە کارکردن".



WATER FOR ROJAVA
Water for Rojava 2022 Delegation Report October, 2022.




سەرەڕای ئەوەی سەردانی شاندەکە بە فەرمی کۆتایی هاتووە، هەندێک لە ئێمە چەند ڕۆژێکی دیکە لە ڕۆژئاوا دەمێنینەوە و دەرفەتمان بۆ ڕەخساوە کە کاری جۆراوجۆر بکەین، وەک سەردانی ناوچەی سروشتی پارێزراوی هایاکا، بەسەربردنی کات لەگەڵ کۆمیتەی ژنۆلۆژی، سەردانی گوندی ژنانی ژنوار و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی کۆمۆنی گوندێکی بچووک لە نزیک دەربێسییە، پێش ئەوەی دواجار ناوچەکە بەجێبهێڵین.

بە درێژایی ئەم ماوەیە گوێمان لە هێرش و تیرۆرکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیاتر دەبێت. ناوەندی زانیاری ڕۆژئاوا لە ساڵی ٢٠٢٢دا ١٣٠ هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بەبەڵگەوە تۆمار کردووە، کە بووەتە هۆی کوژرانی ٨٧ کەس – کە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢١ بە ڕێژەی ٤٦% زیادیکردووە. زۆرترین ژمارەی هێرشەکان لە مانگی نۆڤەمبەردایە، ڕێک دوای ئەوەی ناوچەکەمان بەجێهێشت، کاتێک تورکیا ئۆپەراسیۆنی"شمشێری چنگدار"ی دەستپێکرد، کە  ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانی گەورەیە کە ژێرخانی سەرەکی نەوت و گاز لە ناوچەی جزیرە دەکاتە ئامانج. لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢، هێزی ئاسمانی تورکیا بە فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەیان ئامانج لە سەرتاسەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە شەهباوە تا دێریک بۆردومان دەکات. هەروەها تورکیا لە ٢٢ی دێسامبەری ٢٠٢٢ وێستگەیەکی ئاو لە ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ بۆردومان دەکات و بەهۆیەوە سێ کرێکار بە سەختی بریندار بوون. پەیامی هاودەنگی و پشتیوانی-مان بخوێنەرەوە.





بەگشتی ئەرکەکەمان سەرکەوتنێکی گەورە بوو، لەبەر ئەوەی توانیمان سەردانی چەند پرۆژەیەک بکەین کە وەکوو ئاو بۆ ڕۆژئاوا بە هۆی یارمەتی خەڵک لە سەرتاسەری دونیاوە توانیبوومان پارەیان بۆ دابین بکەین و هەروەها زانیاری لە سەر ئەو پرۆژانە وەرگرین. لەگەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ئاو و ئابووری و کۆمەڵگەی مەدەنی کۆبووینەوە و زانیاریمان لەسەر کارەکانیان و پرۆژەکانی داهاتوویان وەرگرت و لە هەمان کاتدا پەرەمان بە پەیوەندییەکان و بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ناوچەکە بە گشتی – و بە تایبەتی ئەو ساتەوەختە مێژووییەی ئێستا و تەحەددای زەبەلاحی خەڵک و شۆڕش ڕووبەڕویبوونەتەوە دا. ئاو بۆ ڕۆژئاوا تا ئێستاش لە ڕێگەی ئەم لینکەوە هاوکاری ماددی بۆ ئەم کارە گرنگە وەرئەگرێت.

SOLIDARITY ECONOMY ASSOCIATION

SIEMENPUU

Roots for Change

# WATER FOR ROJAVA

SOLIDARITY ECONOMY ASSOCIATION

SIEMENPUU

Roots for Change